# ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ

**ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لە نامەی ماستەری خوێندکار**

**پ.ی.د. واحده حمه ویس نصرالله[١]، کانیاو ابراهیم کریم رشید[٢]**

١ بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان - زانکۆی سلێمانی

٢ بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان - سەیدسادق

Wahida.wais@anivsul.eduiq, Kaniaw2011@gmail.com

**پوختەی توێژینەوە**

گرنگی دانی زانایانی کۆمەڵناسی به بابەتی پەروەردەکردنی منداڵ و ڕۆڵی ژنان لەو بوارەدا ڕەگ و ڕیشەییەکی مێژوویی هەیە، بۆیە توێژەر بە گرنگی زانیوە توێژینەوە لەسەر دیاردەیەك بكات كه لە ئێستادا زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانی گرتۆتەوە، که ئەویش کارکردنی ژنانە، کەلەدەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیە و گۆڕانکارییە پیشەسازیانەوە بەسەر کۆمەڵگاکانەوە هاتووەو پێویستی زۆری ژیان وایکردووە ژنانیش شانبەشانی پیاوان کاربکەن. بەڵام ئەم کارکردنەی ژنان ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی منداڵان دەبێت، چونکە تا ئێستاش ژن (دایك) بەیەکەم پەروەردکاری منداڵ دادەنرێت. ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لە ماستەرنامەی(ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ)کە بابەتێکی کۆمەڵناسی پەروەردەییە، ئامانج لە توێژینەوەکە بریتیە( لە دەرخستنی ڕۆڵی کارکردنی ژنان لەسەر پرۆسەی پەروەردەی منداڵ). بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش هەستاوە بە دروستکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی کە سنووری توێژینەوەکەی دامەزراوەکانی پەرورەردە و تەندروستی ناو شاری سلێمانیە. توێژینەوەکەش گەیشتووە بەوەی کە لێتوێژراوان بەهۆی کارکردنیانەوە کەمتەرخەم نەبوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان و زۆرو کەمی کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ کاریگەری نەرێنی لەسەر دەرونی منداڵ دروستدەکات، و کارکردنی نمونەکە لە دەرەوەی ماڵ ڕۆڵی لە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵدا هەیە. لە کۆتایی توێژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاری خستۆتەڕوو.

**ملخص البحث**

يهتم علماء الاجتماع بموضوع التربية الاطفال ودور المرأة في هذا المجال التي لها جذور تأريخية، لذلك أختار الباحثة هذه الظاهرة الموجودة لدى المجتمعات المعاصرة ، وهي عمل المرأة التي هي نتاج التقدم في الصناعات والتكنلوجيا والمتغييرات الحاصلة على المجتمعات، والاحتياجات الآنية والضرورية التي جعل المرأة يخرج للعمل مع الرجال في شتى المجالات، و عملها لها تأثير على تربية اطفالها، لأنها أي (الام) لها الدور الأول في التربية الأطفال.

وهذا البحث استمد من رسالة الماستر في (انعكاسات عمل المرأة على التربية الأطفال) وهي موضوع علم الاجتماع التربوي، و الهدف منها الوصول الى اظهار دور المرأة على التربية الأطفال، باستخدام منهج الوصفي اعتماداً على المسح الاجتماعي، و لجمع المعلومات استخدم الباحثة استمارة الاستبيان، ثم حدد حدود البحث بأن يكون قطاعين التربية والصحة في السليمانية. و ختاما توصل البحث الى أن العينات بسبب عملهن لم يتأثرن في رعاية صحة أطفالهن، و لكن وقت العمل قلته وكثرته لها تأثير سلبي على نفسية الطفل، في المقابل عمل العينة خارج البيت لها تأثير ايجابي على نمو الطفل اجتماعياً، و استدرج الباحثة مجموعة توصيات و الاقتراحات على هذه الدراسة.

**Abstract**

There is a historical background for the study field parenting and the role of the women in this regard. It is the reason for the emphasizing on parenting by many different scholars as a phenomenon spread over the world and as a result of the technological advanced the women's role have also changed to be an essential part of the labour force. The women's new role as the labour force has its own cost when it comes to parenting.

This research is part of my master thesis 'Women's working outside their house and its impact on the parenting' which sociological research with aiming to discover the impact of the women's job outside their house on their parenting. Research's methodology is a social survey, and to collect information, the researcher has made a questionnaire and has spread in Sulaimani city, specifically inside the education and the health institutions. The research concludes that the women who contributed to this research, did not ignore their responsibility regarding their child's health and the women's work outside their home to a large extent have a positive/negative impact on the child's psychology. Finally, the researcher has shown some.

## پێشەکی

بێگومان لەگەڵ دەستپێکی هاتنە کایەی مرۆڤدا، ژن وەك بونەوەرێکی تەواوکەر لەگەڵ پیاودا ڕۆڵی کارای لە پێکهێنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووە و لە ڕێکخستنی خێزان و دروستکردنی کەسانی مەزنیش حاشا لە تواناکانی ناکرێت. بایەخدان بە منداڵ و پەروەردەکردنیان ئەرکێکی گەورەیە لەسەر شانی خێزان و بەتایبەت ژنان، چونکە قۆناغی منداڵی گرنگترین قۆناغە لەژیانی مرۆڤدا و هەستیارترین قۆناغە بۆمنداڵ کە تیایدا ڕوبەڕوی گۆڕانکاریەکانی ژیان دەبێتەوە. بۆیە پێویستی بەچاودێریکردن هەیە لەو ژینگەیەی تیایدا دەژی جا ئەو ژینگەیە خێزان بێت یان قوتابخانە. بۆ ئەم کارەش منداڵان هەمیشە پێویستیان بە پاڵپشتی خێزان هەیە بەتایبەتی دایك.

### باسی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

بەهۆی هاتنەدەرەوەی ژن و کارکردنی لەدەرەوەی ماڵ گۆڕانکاری لە ڕەوتی ژیانیاندا دروستبوو، هەندێ بەرپرسیارێتی کەوتە سەرشانی ژنان کە پێشتر لە ئەستۆی پیاواندا بوو، بەمەش قورساییەکی تر کەوتە سەرشانی ژنان، سەرەرای ئیشی ماڵەوەو پەروەردەکردنی منداڵ و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خێزان، خۆی لە دونیای کارو کێشەکانیشیدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە دەبێت هەوڵبدات بە گونجاندنی ڕۆڵەکانی بەلەبەرچاوگرتنی ئەرکی خێزان و پەروەردەی منداڵ و کارەکەی لە دەرەوەی ماڵ. هەڵبەتە ئەم شێوازە لە ژیانی ژنان کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕەفتارو ژیانکردنی منداڵ، چونکە تا ئێستاش ژنان بە

**پێنجەم/ جێگیری فۆڕم**

مەبەســت لە جێگیری فۆرم، ڕادەی جێگیری نمرەکانی فۆرمی هەر تاکێکە لەناو گروپێکی دیاری کراودا لە دووبارە تاقیکردنەوەیدا لە دوو ماوەی جیاوازدا بە هەمان فۆرمی ڕاپرســی (عباس، ١٩٩٦، ص٢٢). بۆ دڵنیا بوون لە ڕادەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوە (١٥) فۆرم بەسـەر ژنانی فەرمانبەراندا دابەشکرا. بۆ هەر فۆرمێك ژمارەیەکی نهێنی دانرا لە پێناوی ناسـینەوەی ئەو فۆرمە لە دابەشــکردنی دووەمدا. لە پاش (١٥) ڕۆژ لە دوای تێپەڕ بوون بەســەر دابەش کردنی یەکەمدا دووبارە هەمان فۆرمی راپرســی دابەشــکرایەوە بەســەریاندا. لە دوای داگرتنی داتاکانی فۆرمەکـانی هەر دوو دابەشــکردنەکە، لە ڕێگەی پرۆگرامی (spss -ڤێرژنی ٢٣ ) بەهۆی هـاوکۆلکەی پەیوەســتی (سپێرمان) ئەنجامەکەی ( ٠,٧٩) بوو.

**شەشەم/ ئامرازە ئاماریە بەکاهاتوەکان:**

ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون ئەمانەن:

١- یاسای ناوەندە ژمێرەیی(Arithmetic mean) :بۆ دۆزینەوەی تەمەن و داهاتی مانگانە.

٢- یاسای لادانی پێوەری(Standard deviations): بۆ َتەمەن و داهاتی مانگانە.

٣- هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbachs alpha) بۆ ڕاستێتی ناوخۆیی فۆرمی ڕاپرسی.

٤- هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان بۆ جێگیری فۆرمی ڕاپرسی. (Rho)

٥- تاقیکردنەوەی (کا٢)(chi- square test ) ( بۆ دوونمونە( سەربەخۆ و پاشکۆ) بۆپەیوەندی نێوان کارکردنی ژنان و پەروەردەکردنی منداڵان بە پێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ئاســتی خوێندەواری، ژمارەی منداڵ، کاتژمێری کارکردن). (حنوش، ٢٠٠٩، ص١٥٦).

**باسی شەشەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

**١- تەمەن**

خشتەی (١)

تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| تەمەن بە ساڵ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| (٢٥-٢٩) | ٣٦ | ٢٤ |
| (٣٠-٣٤) | ٤٩ | ٣٢,٦ |
| (٣٥-٣٩) | ٤٣ | ٢٨,٧ |
| (٤٠-٤٤) | ١٢ | ٨ |
| (٤٥-٤٩) | ١٠ | ٦,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

لەم توێژینەوەیەدا تەنها ڕەگەزی مێ وەرگیراوە، و زانیـاریەکـان لەســەر(١٥٠) فەرمـانبەری ژن کۆکراوەتەوە لە هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستیدا. گەورەترین گروپی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە (٣٠-٣٤) ساڵ ڕێژەی(٣٢,٦٪) نمونەی توێژینەوەکە پێکـدەهێنێـت، توێژە تەمەنی(٣٥-٣٩) ســاڵیش بە ڕێژەیەکی دیـار دەرکەوتووە کە ڕێژەی لە(٢٨,٧٪)ە. لە کـاتێکـدا لە(٢٤٪) نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیـان لە نێوان(٢٥-٢٩) ســاڵدایە، توێژە تەمەنی(٤٠-٤٤) ساڵیش لە نمونەکەدا(١٢) کەسـە کە دەکاتە(٨٪) توێژە تەمەنی(٤٥-٥٠) ساڵیش لە نمونەکەدا تەنها(١٠) کەسـە کە دەکاتە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

داوەتەوە و بەهۆی کارەکانیان تووشی کەمتەرخمی بوون لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان. لە دەرخستنی پەیوەندی نێوان کاتژمێری کارکردنی ڕۆژانەی نمونەکە لە دەرەوەی ماڵ و کەمتەرخەم بوونیان لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان، لە بەکارهێنانی شیکاری ئاماری (کا٢) دەرکەوت کە بەهای بەدەستهاتوو (١٥,٢٧٧) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (١٢,٥٩) و بە پلەی ئازادی (٦) و ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) کەواتە گریمانەی توێژیەوەکە کە دەڵێت(پەیوەندی هەیە لە نێوان کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و کەمتەرخەم بوونیان لەچاودێری تەندروستی منداڵەکانیان) قبوڵکراوە، لە بەرامبەردا گریمانەی سفری ڕەتکراوەتەوە کە دەڵێت (پەیوەندی نییە لە نێوان کاتژمێری کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و کەمتەرخەم بوونیان لە چاودێری تەندروستی منداڵەکانیان) بە واتەی نمونەی توێژیەوەکە تووشی کەمتەرخەمی نەبوون لە چاودێری تەندروستی منداڵەکانیان بەڵکو زۆری و کەمی کاتژمێری کارکردنی نمونەکە لە دەرەوەی ماڵ وا دەکات کە توشی کەمتەرخەمی ببن لە چاودێریکردنی تەندروستی منداڵەکانیان. ئەم دەرئەنجامەش هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکەی (عبدالله، ١٩٨٢) لەوەی کە زۆرینەی ژنانی ئیشکەر ڕەتی دەکەنەوە کە پەیوەندیان هەبێت لە نێوان کارکرنی ژنان و پشتگوێخستنی منداڵەکانیان و چاودێریکردنیان.

خشتەی (٨)

شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| شێوازەکانی پەروەردەکردن | دوبارەبونەوە | ڕێژەسەدی |
|---|---|---|
| ئازادی | ٣ | ٢,٠ |
| نازپێدان | ١٣ | ٨,٧ |
| چاودێریکردن-بەدواداچون | ٤٢ | ٢٨,٠ |
| تاوتاوی | ٣١ | ٢٠,٧ |
| پارێزگاری و پشتیوانیکردن | ٢٧ | ١٨,٠ |
| پاداشت و سزا | ٣٤ | ٢٢,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

ئاماژە بەو شێوازانە کراوە کە نمونەی توێژینەوەکە دەیگرێتە بەر لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە شێوازی (چاودێریکردن و بەدواداچوون) بەکاردێنێت کە لە (٢٨٪)ی نمونەکە پێکدەهێنێت، ئەمەش بەو مانایەی دایکان سەرەڕای هاودەمی و دۆستایەتیکردنی منداڵەکانیان، زاڵیشن بەسەریاندا و خستوویاننەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە . ئەم شێوازە یش هاریکاری منداڵەکان دەبێت لە سازان و ئاشنا بوونیان بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، بەهەمان چەشن کاریگەری کەم لەسەر ئازادییان دادەنێت، منداڵانی زادەی ئەم شێوازە پەروەردەییە ڕەزامەند، واقیعی، متمانەبەخۆ، چالاکن و خۆیان کاروبارەکان ڕێکدەخەن. هەروەها شێوازێکی تر کە شێوازی (پاداشت و سزا ) یە بە ڕێژەی (٢٢,٧) ی پێکهێناوە کە نمونەی توێژینەوەکە دەیگرنەبەر، شێوازی پاداشت و سزا یەکێکە لەو شێوازە باوانەی کە زۆربەی پەروەردکاران دەیگرنەبەر، پاداشتکردن بە شێوەی ماددی و مەعنەوییە، دەکرێت هەندێجار (دیاریەك، خواردنێك، بەڵێندان بە کڕینی یارییەك)بێت لە کاتێکدا شێوە مەعنەویەکەی دەکرێت بە( ووشەی جوان، باوەشێك، چەپڵەلێدانێك، یا ماچکردنێك )بێت، بەڵام سزادان لێرەدا بە مانای لێدان و توندوتیژی نایەت چونکە کاریگەری لەسەر بونیادی دەروونی منداڵ دەبێت، بەڵکو سەیرکردنێکی ناڕەزایی یا جوڵەیەکی ڕەتکردنەوە دەگرێتەوە . لە بەرامبەر ئەمانەدا شێوازی ( تاوتاوی) بە ڕێژەی (٢٠,٧٪)ی نمونەی توێینەوەکە دەیگرێتەبەر، ئەم شێوازە تا ڕادەیەك

و بەجۆرێك لایەنی شـــەڕەنگێزی زاڵ دەبێت بە ســـەر رەفتاری هێمنیدا، هەروەها پاراوی لە زماندا زیاتر زاڵە بەســـەر سستی لە زمانی منداڵدا و بەرزی متمانە بەخۆبوون زاڵە بەسەر سیفەتی لاوازی متمانە بەخۆبوون.

خشتەی (١٣)

چۆنیەتی كات بەسەر بردنی منداڵانی نمونەی توێژیەوەكە لەماڵەوە

| كات بەسەربردنی منداڵ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەیریكردنی تەلەفیزیۆن | ٦٦ | ٣٨,٢٥ |
| یاریكردن بە ئامێرە ئەلەكترۆنیەكان | ٧٤ | ٤٦,٢٨ |
| یاریكردن لە كۆڵان | ٣٠ | ٥٤,١١ |
| زیاتر لەگەڵ دایكیدا | ٥٠ | ٢٣,١٩ |
| یاریكردن بەتەنها | ٤٠ | ٣٨,١٥ |
| كۆ | ٢٦٠ | ١٠٠ |

ئەم خشـــتەیە ئاماژەیە بەكات بەســـەر بردنی منداڵانی نمونەی توێژینەوەكە كاتێك لە ماڵەوەن، وەك دەردەكەوێت زۆرینەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەكە كە دەكاتە ڕێژەی (٤٦,٢٨٪) كاتەكانیان بە یارییە ئەلەكترۆنیەكان بەســـەر دەبەن، و ڕێژەی(٣٨,٢٥٪)ی منداڵانی نموونەكە، كاتەكانیان بە ســـەیركردنی تەلەفزیۆنەوە بەســـەر دەبەن، لە كاتێكدا ڕێژەی (٢٣,١٩٪)ی منداڵان لەگەڵ دایكیانن و لێیان نزیكن، هەروەها ڕێژەی (١٥,٣٨٪)ی منداڵان یاری دەكەن بە تەنها، وە ڕێژەی ئەو منداڵانەی لە كۆڵان یاری دەكەن و كاتیان بەسەر دەبەن دەكاتە (٥٤,١١ %) ی توێژینەوەكە. بۆدەرخستنی پەیوەندی نێوان كاتژمێری كاركردنی نمونەكە لە دەرەوەی ماڵ و كات بەســـەر بردنی منداڵەكانیان لەماڵەوە بە بەكارهێنانی شـــیكاری ئاماری (كا٢) دەركەوت، كە بەهای بەدەســـتهاتوو (٥٥,٩٢٥) گەورەترە لە بەهای خشـــتەیی كە(٣٦,٤١٥)یە، بە پلەی ئازادی (٢٤) و ئاســـتی دەلالەتی (٠,٠٥). كەواتە گریمانەی توێژینەوەكەمان كە دەڵێت(پەیوندی هەیە لەنێوان كاتژمێری كاركردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و كات بەســـەر بردنی منداڵان لە ماڵەوە) قبوڵكراوە، لەبەرامبەردا گریمانەی ســـفری ڕەتكراوەتەوە كە دەڵێت پەیوەندی نییە لە نێوان كاتژمێری كاركردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و كاتبەسەربردنی منداڵان لە ماڵەوە.

**باسی حەوتەم/دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەكان و سەرچاوەكانی توێژینەوەكە**

**یەكەم/ دەرئەنجامی توێژینەوەكە**

١- زۆرینەی نمونەی توێژینەوەكە تەمەنیان لەنێوان (٣٠-٣٤) ســـاڵە، كە توێژە تەمەنێكی گەنجن و پڕن لە ووزەو چالاكی.

٢- ئاســـتی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەكە زۆرینەیان پلەی دبلۆم و بەكالۆریۆســـن، كە ئەمەش لەبەرئەوەیە لە هەردوو كەرتی تەندروســـتی و پەروەردە نمونەكە وەرگیراوە، بۆیە ئەو دوو كەرتەش پێویســـتی بە كەســـی پســـپۆڕ و خاوەن بڕوانامەیە.

٣- سەبارەت بە داهاتی مانگانەی نمونەكە ناوەندە ژمێرییەكەیان (٧٤١,١٠٧)یە.

٤- زۆرترینی نمونەكە خاوەنی دوو منداڵن.

٥- كاتژمێری كاركردنی ڕۆژانەی نمونەكە لە دەرەوەی ماڵ لەنێوان (٥-٦) كاتژمێردایە.

